# مانگی یەکەمی سوودانی

23-11-2022

### نووسەرەکان

د. یاسین تەها

**کورتە :** نزیك لە مانگێکە حکومەتی محەممەد شیاع سوودانی متمانەی پەرلەمانی وەرگرتووە، بەڵام لەم ماوەیەدا هێشتا گۆڕانێکی بنجبڕی گەورەی لە چاو بەرنامەی کاری حکومەتەکانی پێش خۆی نەکردووە. وەك هەر سەرۆکوەزیرانێکی دیکە، دەستپێکی سەردەمی سوودانی، وەك بەرنامەی کابینە وەزارییە چڕ و دەوڵەمەندەکەی، پڕە لە گفت و مژدەی سەردەمێکی نوێ

نزیك لە مانگێکە حکومەتی محەممەد شیاع سوودانی  متمانەی پەرلەمانی وەرگرتووە، بەڵام لەم ماوەیەدا هێشتا گۆڕانێکی بنجبڕی گەورەی لە چاو بەرنامەی کاری حکومەتەکانی پێش خۆی نەکردووە. وەك هەر سەرۆکوەزیرانێکی دیکە، دەستپێکی سەردەمی سوودانی، وەك بەرنامەی کابینە وەزارییە چڕ و دەوڵەمەندەکەی، پڕە لە گفت و مژدەی سەردەمێکی نوێ، بەڵام زۆری و فرەچەشنی و ئاڵۆزی ئەو دۆسیانەی لەسەر مێزەکەی سەرۆکوەزیرانی نوێن، کارێکی وەهای کردووە سوودانی وەك سەرقاڵ و جەنجاڵ دەربکەوێت و نەتوانێت بە سەرەتایەکی تەواو جیاوازەوە دەست پێ بکات.

لە مانگی یەکەمی حکومەتی سوودانیدا "بەشەیتان کردنی حکومەتی کازمی" ئاستی زۆری بڕیوە، لەم میانەیەشدا هەنگاوەکانی حکومەت و میدیاکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی، حکومەتەکەی کازمی وەك بەرپرسیاری زۆرێك لە شکستەکانی عێراق دەناسێنن، بەڵام بەوپێیەی دوو ساڵەکەی کازمی، تەنیا ڕێژەی 10% ی تەمەنی حوکمڕانی کۆماری عێراق لەدوای 2003وە پێکدەهێنێت، ئەگەری زاڵ ئەوەیە زۆرێك لە کێشەکانی عێراق تەمەنیان بۆ ئەم کابینەی سوودانیش درێژ ببنەوە، بەتایبەت کە حکومەت هێشتا گیرۆدەی بڕیاردانە و لەژێر هەژموومی پشك پشکێنەی حیزبەکاندایە. تەنانەت وەزیری تەندروستی نەیشاردەوە لەپاش بەشکردنی وەزارەتەکانی حکومەت، ئێستا پشك پشکێنە لە قۆناخی بەڕێوەبەرە گشتییەکاندایە وەك پاداشت بۆ ئەو لایەنانەی حکومەتیان پێکهێناوە و سوودانییان سەرخستووە.

گرنگیدانی یەکەمی سوودانی بە دۆسیەکانی ناوخۆیە. بازنەی یەکەمی گوتار و هەنگاوەکانیشی بۆ پارێزگا شیعە نشینە پەراوێز خراوەکانە. بەو پێیەی دروشمی سەرەکی کابینەکە و لایەنە شیعەکانیش "حکومەتی خزمەتگوزاری" یە، لە دەرەوەی ئەم بازنەیەش، حکومەت لیستێکی درێژی پابەندیی لە ئاست کێشەی ناوچە سوننە نشینەکان و هەرێمی کوردستان لەسەر خۆی داناوە، کە بیانکات بە پرۆژەیاسا و ڕەوانەی پەرلەمانیان بکات، ئینجا نۆرەی گرنگیدانە دەرەکییەکان دێت. بە پێچەوانەی سەردەمی کازمی، کە سیاسەتی دەرەوە لە ڕیزبەندی یەکەمدا بوو. لەم میانەیەشدا سوودانی یەکەم سەردانی دەرەکیی خۆی بۆ ئوردن بوو، نەك سعودیە و ئێران کە دوو جەمسەرە سەرەکییە ڕکابەرەکەی ناوچەکەن.

تاوەکو ئێستا سوودانی بڕیارێکی یەکلایی و پلانێکی "شۆڕشگێڕانە"ی بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی 3.7 ترلیۆن دینار (2.5 ملیار دۆلار) دیارنەماوەکەی "سپاردەی باجی کۆمپانیاکان" نییە، جگە لە حەواڵەکردنی بۆ وردبینی و بەربەستە ئاڵۆزەکانی لێکۆڵینەوە. بەهۆی ئەوەی دیوانی چاودێری داریی میکانیزمی جێبەجێکەری بەدەستەوە نییە، دەستەی دەستپاکی عێراقیش لە پشك پشکێنەدا بەر لیستەکەی مالیکی کەوتووە، ئەستەمە سوودانی لەم دۆسیە گەورەیە، و کۆی دۆسیەکانی دیکەی گەندەڵی بتوانێت بازی گەورە بدات، چونکە پێداگری مالیکی لەسەر وەرگرتنی ئەو دەستە چاودێرییە، لەوانەیە بۆ پاسەوانی کارنامەی هەردوو کابینەکەی خۆی و (2005_2014) و بەکارهێنانی لە دژی ڕکابەرەکانی بێت.

گەورەترین ڕەخنەی سوودانی لە کازمی، ئەو کاتەی پەرلەمانتار بووە، بەرزکردنەوەی نرخی دۆلار بوو بەرامبەر بە دینار (1 دۆلار بە 1450 دینار)، بەڵام لەپاش دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی، خۆی لە ئۆباڵ و لێکەوتەکانی دابەزاندنی نرخی دۆلار قوتارکرد بەوەی کە "پابەندە بە سیاسەتی بانکی ناوەندییەوە". لایەنە شیعەکان بەردەوام دژی ئەوە بوون مستەفا کازمی بە "فەرمانی دیوانی 29ی 2020" لیژنەیەکی باڵای پێکهێنا بە سەرۆکایەتی "ئەبو رغیف" بۆ پرسە هەستیارەکان کە سەر بە خۆی بێت، بۆیە لەڕێگەی دادگای فیدراڵییەوە لیژنەکەیان هەڵوەشاندەوە (ئاداری 2022)، کەچی کاتێك سوودانی فەرمانی دەرکرد لیژنەیەکی باڵا بۆ "بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی" پێکبهێنرێت و سەر بەخۆی بێت، زۆربەیان ستایشیان کرد و بە هەنگاوی گرنگ سەیریان کرد، لەکاتێکدا هەمان ئاراستە و هەمان میکانیزمە و بازدانیشە بەسەر دەستەی دەسپاکی و چاودێری دارایی.

سوودانی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی لەسەر ئاستی نێوخۆ، بەنیازی گۆڕینی سەرجەم پارێزگارەکانە، بەڵام ئەوەی سەیرە، ئەم هەنگاوە یەکەمجار لەلایەن مالیکییەوە و بەناوی ئەوەوە ڕاگەێنرا، تاوەکو ئێستاش چانسی سەرکەوتنی ئەم هەنگاوە ڕوون نییە، چونکە دەگوترێت لەبەر ڕۆشنایی بەرکەوتەی هەڵبژاردنەکانە و سەدرییەکانیش چوونەتە دەرەوەی پەرلەمان و دیار نییە چۆن دابەشدەکرێت. ئەگەر بەگوێرەی دوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بکرێت، ئەوە لە بری 4 ساڵ، ماوەی 9 ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە و لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا، زۆر شت لە خواست و ئاراستەی دەنگدەران گۆڕاوە، لە پێش هەمووشیانەوە خۆپیشاندانەکانی تشرینی (2019) و دەرکەوتنی زۆر هێز و گرووپی نوێ.

لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی بەغداو هەرێمی کوردستانیش، سوودانی هاوشێوەی هەردوو کابینەکانی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی و مستەفا کازمی (2018 و2022) گەشبینە و چاوی لە چارەسەرە، بەڵام ناڕووونی تەمەنی حکومەتەکەی و زۆری و ئاڵۆزی دۆسیەکانی بەردەمی، ئاڵینگاری گەورەن، بەتایبەت ئێستا لەنێوخۆی کوردستانیش پەرتەوازەیی و بەریەککەوتنی زۆری هەردوو هێزە سەرەکییەکە هەیە و سەقفی چارەسەرکردنی هەندێك لەو کێشە ئاڵۆزانەش وەك نەوت بە نموونە، تەنیا شەش مانگی بۆ دانراوە لەکاتێکدا تەمەنی گرێ و کێشەکانی ئەم دۆسیەیە 15 ساڵە.

لەو سەردانەی کە سوودانی بۆ نەخۆشخانەکەی کازمییە کردی و لەو تورەبوونە بەناوبانگەیشی کاتی کە گوتی "خوا موەفەقمان نەکات لەسەر ئەم خزمەتە"، دیوێکی شاراوە هەیە. وەزیری ئێستای تەندروستی، پێشتریش هەر وەزیری هەمان وەزارەت بووە و لە حیزبەکەی سەرۆك وەزیرانیشە. ئەمەش دیسانەوە گورزێکە لەو هیوایانەی لەسەر توانای تاکەکەس کەڵەکە دەکرێن بۆ چاککردنی دۆخی عێراق بەتایبەت لەم مانگەدا هیچ وەزیرێك هێشتا پلان و بەرنامەی خۆی بۆ چاکسازی و جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەت رانەگەیاندووە و ئەوەی هەیە و نییە، تەنیا گرەوێکە لەسەر نیاز و خەونەکانی سوودانی وەك روخساری نوێی ماڵی شیعە!